بڕووبڕایەتی هاتوچۆی سلێمانی هاوڵاتیان ئاگادارد‌ەکاتەوە

ئەمڕۆ هەینی، بڕووبڕایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ئاگاداری شۆفێران دەکات و داوایان لێ دەکات پابەندی یاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆ بن.

هاتوچۆی سلێمانی لە بەسانامەیەکدا رایگەیاند:- بەهۆی نزمبونەوەی پلەکانی گەرماو دروستبوونی تەمەکی زۆر لەشاری سلێمانی و دەوروبەری و کەمبونەوەی ئاستی بینین، داوا لە شۆفێران دەکەین خێرایی ئۆتۆمبێلەکانیان کەمبکەنەوە، گرنگی بدەن بەلایتی ئۆتۆمبێلەکان، بەتایبەت لایتی تەم بەکاربهێنن و بەدووربن لەبەکارهێنانی لایتی بەرز (فوول لایت)، ئەو ئۆتۆمبێلانەش کە لایتی ئۆتۆمبێلەکانیان کار ناکات، نەهێندرێنە سەر شەقام، تاوەکو بەدووربن لەووداوی هاتوچۆ.

هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە :-داواش لەشۆفێران دەکەین، بە کارەکی زۆر پەویست نەبێت سەردانی ڕێگەکانی دەرەوەی شار نەکەن، چونکە لەچێندین شوێندا تەم هەیەو ئاستی بینین بە چێند مەترێک کەمبوەتەوە.